# بایادی کیمیا بارانی هه ڵه بجه بکه ینه ڕۆژی یه ک ده نگی و وه فاداری بۆ قوربانیه کانمان !



**له په راوێزی دادگا یی فرانس فان ئانرات تاوانباری جینۆ ساید ی خه ڵکی کۆردساتاندا.**

**ئه میر قادر**

تاوانباری جینۆسایدی خه ڵکی کوردستان فرانس فان ئانرات  له چه ند ڕۆژی داهاتوودا وله دوای کاری به رده وامی زیاترله ساڵێکی-کۆمیته ی به دادگایی گه یاندنی تاوانبارانی ئه نفال و جینۆساید- له هۆڵه ند و زه ختێکی فراوانی سیاسی دیپلۆماسی پارتی سۆسیالیستی هۆڵه ند دێته به رده م دادگا. پرۆسه ی داداگاییه که به م شێوه یه ی خوٚاره وه یه:-

١- داگایی کردنی تاوانبار له شاری رۆتێردام ڕۆژی ١٨-٠٣-٢٠٠٥ ده ست پێده کات  کاتژمێر ٩:٣٠به کاتی هۆڵه ند.

٢- داگا دادگای سزادانه که تیایدا تاوانه کانی تاوانبار که پێی تاوانبارکراوه له ناویاندا تاوانی جینۆسیادی خه ڵکی کوردستان هه ڵده سه نگێریت و تاوتوێ ده کرێت و دواتریش بڕیاری یاسایی له سه ر ده درێت ئه م دادگاییه تا کۆتایی مانگی ١١-٢٠٠٥ درێژه ی ده بێت .

٣- پارێزه ری -کۆمیته ی به دادگایی گه یاندنی تاوانبارانی ئه نفال و جینۆساید- له هۆڵه ند خاتوو -Liesbeth van Zegveld-

وه ژماره یه ک له شایه ده کان له شوێنه جیاجیاکانی کوردساتانه وه و هه ڵسوڕاوانی کۆمیته ی به دادگایی گه یاندنی تاوانبارو پارتی سۆسیالیست ئاماده ده بن .

٤-شایه ده کان له ڕێگه ی ناوه ندی هه ڵبجه له هۆڵه ند یان ڕاسته و خۆ له لا یه ن پاێزه ره که مانه وه ئاگا دار ده کرێنه وه ، ئه مه له قۆناغی یه که مدا ته نها ئه وشایه دانه ده گرێته وه که له هۆڵه ندان و یان له به ر ده م داداگا ئاماده بوون یان له کۆبوو نه وه ی ٢-٣-٢٠٠٥ له ئه مستردام له گه ڵ پارێزه ری ناوه ندا ئا ماده یی خۆیان بۆ به ر ه م داداگا ڕاگه یاندووه .

٥- دادگای مه ده نی تاوانبار ده که وێته دوای داداگای سزاوه که دوای ساغ بوونه وه ی تاوانه که دێت، له م قۆناغه دا مه سه له ی قه ره بوو کردنه وه ی زیانه کان ده ست پێ ده کات ، که ئێمه له م باره یه وه ڕاگه یاندن بڵاو ده که ینه وه وه شایه ده کان له شوێنه جیاجیاکانه وه ئاگادار ده که ینه وه ، وه ئێمه له ئێستاوه هه نگاومان ناوه بۆ ئاماده کاریی و وه رگێڕانی فۆرمه کان .

ڕۆژی ١٣ -٠٣-٢٠٠٥ کاتژمێر ١٣:٣٠ له ئه مستردام یادی کیمیابارانی هه ڵبجه ده که ینه وه زۆر گرنگه که له م که مپه ینه دا به شدار بن وه رن با په رده ی ئه م بێ ده نگیه کوشنده یه بدڕێنین و ده نگی خۆمان و قوربانیه کانمان بگه یه نینه گوێی میدیا و کۆمه ڵگای نێو ده وڵه تی ، ئه م ساڵ ئه م یاده مانایه کی گرنگ تری هه یه وبا هه موومان به یه ک ده نگ و به ڕه نگ و بیرو بۆچوونی جیاوازه وه مێزه ره که ی عومه ری خاوه ر کۆمان بکاته وه و له تاوانبارانی جینۆسایدو کیمیاباران خۆش نه بین .

**ئه میر قادر**

**هه ڵسوڕاوی-کۆمیته ی به دادگایی گه یاندنی تاوانبارانی ئه نفال و جینۆساید- له هۆڵه ند**